# سوێندخواردنی بە کۆمەڵ

نوسینی/محەمەد گەلاڵەیی

رۆژی راگەیاندنی کابینەکەی نوری مالکی سەۆرك وەزیرانی عێراق، پاش ئەوەی ئەو دەمەقاڵەی نێوان هەریەکە لە سالح موتڵەق‌وسەفیە سوهەیل لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان کۆتـایی پـێ هـات، هـەر دوای ئەمـەش ووتـار گـەلێکی دووبارەی بێ سوود خوێندرانەوە، کە هەموو شتێکیش کرا ئەوجا سوێند خواردنی ئەنـدامانی کابینەکـەی مـالکی دەستپێکرا، لەم کاتەشـدا هـەر دوای سـوێند خـواردنی سـەۆرك وەزیـرانو دوو جێگرەکـەی راسـتەوخۆ لەلایـەن پەرلەمانەوە، سوێندەکە لەئەسڵی خۆیەوە گۆڕدرا هەر وەزیرەو سـوێندی یاسـایی بـە تـەنیا بخـوات، بـەلاَم بووبـە سوێندخواردنی بەکۆمەڵ ئەوەی لە هەمووشی سەیرتر ئـەوە بـوو، کـە زوومـی کامێراکـان نەخراییـە سـەر لێـوی وەزیرەکان ئاخۆ چۆن سوێند ئەخۆنو کامەیان سوێند دەخوات وکامەشیان نایخوات، ئەوەی دێتـە بیرمـان وپرسـیار دروست دەکات لە زهنیەتماندا، هەر لە کاتی سوێندخواردنەکەی حوکمەتی جەعفەریشدا گەلێك لە وەزیرانوخۆیـشی سوێندەکەیان سەقەت کردبووو نـاوی حوکمـەتێکی فیـدراڵی لەسـوێندەکەدا نـەهاتبوو. کـە خـۆی لەراسـتیداهەر وەزیرێكو سوێندی قانوونی بەتەنیا دەیخوارد، کەچی لە کـاتی سـوێندخواردنەکەدا بەکۆمـەڵ دەیخـۆنو کەسیـشمان نەبینی لەو پەرلەمانە دەنگێکی لێوەبێتو پێان بڵێت: ئەرێ ئێوە بەچ یاساوبەندێکی دەسـتوور ئـەم کـارە ئەکـەن، لێرەدا شتێك لە دەستووردا نەهاتبێت، چۆن پەرلەمان خـۆی یەکـەم سەرپێـچیکاری دەسـتوور دەبێـت؟ لەلایـەکی تریشەوە چەند شتێکمان بۆ دەردەخات کە هەر لەسەرەتای دەست بەکار بوونیانەوە ئەوەندە تەمبەڵن وەزیرەکان کـە نەتوانن سوێند بۆ یەك دەقیقە بخۆنوبەس، یاخود مەسئولە گەورەومێوانەکان ئەوەندە نەتوانن بۆ سی‌وحەوت وەزیـر خۆرابگرن لە پێوە تاوەکو سوێندەکەیان تەواو دەبێت، لێرەدا وەزیرەکان گەندەڵ دەکەنو هـەر لـەم سـاتەوە فێریـان ئەکەن، کە لەهیچ قانوونودەستوریی هەر وولاَتێکدا نابیینی سوێند خواردنی بەکۆمـەڵ، تـەنیا لـە پەرلەمانەکـەی عێراقدا نەبێت، کە شازە لە هەموو شتێکدا. با ئـەوەشمان بـیر نەچـێت کـە ئـەم سـوێند خواردنـەی بـە کۆمـەڵی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ ئەو گۆڕەبەکۆمەلاَنەی کوردبوو کە دەیان ووت: سوێند بە کۆمەڵ دەخـۆین کـە ئـەو عێراقەی کە هەمووی گۆری بەکۆمەڵە بگۆڕین بۆ عێراقێکی بە کۆمەڵ ژیان لەگەڵ تیرۆرسـتانوهەڵکردن لەگـەڵیان ..!! هەر دەیان ووتەوە: کە سوێند بەکۆمەڵ دەخۆین بۆ ئەوەی سەرتاپای عێراق لـە گەنـدەڵی بەکۆمـەڵ بگـۆڕینو خاوێنی بکەینەوە لەهەموو کۆمەڵە زیادەرۆیەکی نا قانوونی کە مەسـئول‌ودەوڵەمەندو کەسانی نەشیاو کـار دەکـەن لە شوێنی شیاو..!! هەر ئەوەشیا ن دەووت: کە سوێن دەخۆین بە کۆمەڵ بۆ ئەوەی کۆمـەڵی عێراقـە بگـۆڕین بـۆ کۆمەڵێکی پێش کەوتووو تەندروست وشەرت بێت بەکۆمەڵ دەتانبەین بۆ بەهەشتی ئەم دوونیایە خۆشـە کـە هـەر لەعێراق بە دەست دەکەوێت..!! سوێند بەو نەوتوبەنزینەی لە خاکەکـەمان هەیـە، شـەرت بێـت بۆتـان بکەینـە بەهەشت ئەو خاکەو، هەمووی گەشت گوزار بێت،وکەس نـەتوانێت یـەك ملیارودەیـان دینـار بـەو نەوتـە حەیاتـە دەوڵەمەند بێتو ئاودیوی وولاَتانی دڕواسێ بکاتنو بتان پارێزین لە سەرمای زسـتانو گـەرمایی هـاوین..!! جـا سەرتان نێشێنم چەندان بارە دەیان ووت: سوێند بە کۆمەڵ دەخۆین بۆ ئەوەی چیتر بەکۆمەڵ ئاوارە نـەکرێن گـەلانی عێراق بۆ شاری کەرکوك بە تەعریب کردنەوەی بۆ سەدان جار، با ئەم جارەش بۆ گەلی کـورد بێـت ئـەو کەرکوکـە هەژارە ..!! سوێند بە کۆمەڵ دەخۆین بۆ ئەوەی چیتر گەنجان بە ڕەوە ئەو نیـشتمانە کـە بـە (مـەوتنین) نـاوەزەد دەکرێت بەجێ نەهێڵنو وەرن بگەرێنەوە ئەی گەنجەکان مەوتنیەکتان بۆ ئاوا دەکـەین کـە هۆراوەکـانی باشـوور لـە گرینلاندوشوێنەو گەشتیارەکانی یۆنان بەهەشترو سیحربازیانە تر بن..!! سوێند بە کۆمەڵ دەخۆین کە فیـدراڵی بـۆ هەموو گەلانی عێراق نەچێتە سەرئەوا بۆ ئەو(ئەکرادانە) دەچێتە سـەروئیقلمی زاتیـات بـۆ دروسـت دەکـەین لـە (شیمالونا حەبیب)..!! جا براینە هەر ئەو سوێندانەیان دەخواردو دەیان وتنەوە، لەبەر ئـەوەش زیاترسـوێندەکەنیان

نانووسم با لە سوێندە بە کۆمەڵەکەنیان پەشیمان نەبنەوە، و سەر ئەنجامیش دەست لەکاربکێشنەوە بە کۆمەڵ و جا تاقەتمان نییە جارێکی تر وەزارەتێکی تر پێك بێنین بە هەزار دوعای ئیسلامی وعلمانیوقومیەکان وبا لێگەڕێنو چاوەڕوانی وەزارتێکی تر بین کە ئەمیش چی دەکات.

*تێبینی:ئەم ووتارە وەزیرە کوردەکان ناگرێتەوە، چونکو وەزیرەکانمان بە دڵسۆزی کار دەکەن بۆ عێراقێکی دیموکراتوفیدراڵی وسەرئەنجامیش کەس نازانێت چۆن دەبێت ئەو عێراقە.

باشووری کوردستان_شاری هەولێر
2006/5/21 _یەك شەمە